سەرکایەتی کۆمار داوا لە بەغدا و هەولێر دەکات هاوکار بن بۆ دەستپێکردنەوەی هێناردەکردنی نەوت



سەرکایەتی کۆمار، ئەمڕۆ سێشەممە جەختی کردەوە کە دەزینەوەی دەرچێیەک بۆ هێناردەکردنی نەوتی عێراق کارێکی گرنگ و بڕژۆوەندی باڵای وڵات دەستبەر دەکات.

سەرکایەتی کۆمار لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاند: "لەو بارودۆخە هەستیارەی ئێستادا کە وڵاتەکەمان تێیدا تێپەڕ دەبێت، جێخت لە پابەندبوونمان بۆ یەکێیزی نیشتمانی هەموو ڕەنگەکانی گەلی عێراق دەکەینەوە، لەگەڵ پێویستی دوورکەوتنەوە لە ناکۆکییە لاوەکییەکان کە خزمەتی بڕژۆوەندی گشتی ناکەن"، جێختیشی کردەوە کە "ئەم قۆناغە پێویستی بە تێبایی و یەکگرتوویی زیاتر هەیە، نەک پێرتەوازەیی و دابەشبوون".

لەو ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژە بۆش کردووە: "دەزینەوەی دەرچێیەک بۆ هێناردەکردنی نەوتی عێراق کارێکی گرنگ و بڕژۆوەندی باڵای وڵات دەپەکێت"، داواشی لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە "هاوکاری تەواو بکەن لەپێناو دەستپێکردنەوەی هێناردەکردنی نەوتی خاو بە دەرەوەی عێراق، و کارکردنی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە و پرسە هەڵپەسێردراوەکان بە شێوەیەک کە لەگەڵ بەگەکانی دەستوور و یاسادا بگونجێت و بڕژۆوەندی باڵای وڵات بدیبهێنێت و خزمەتی هەموو ڕەنگەکانی گەلی عێراق بکات".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە: "بەدواداچوونمان بۆ ئەو نیشانە ئەرێنییانە کردووە کە لایەن حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەم چوارچێوەیدا دەرچوون، و هیواداربن ئەم هەنگاوانە بەهێزتر بکرێن بۆ جارێک کە یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی ئەم دۆسیە زیندووە و بەهێزکردنی سەقامگیری ئابووری و خزمەتکردنی بژێوەندییەکانی هاووڵاتیان لە سەرانسەری وڵاتدا".

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، سەرکایەتی کەمار داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کردووە کە "بە ڕەحیەتی بەرپرسیارێتی نیشتمانییەوە مامەڵە بکات، و بژێوەندی نیشتمان بخاتە سەروو هەر پۆوەرێکی تردوە، و کار بکات بۆ دوورکەوتنەوە لە ناکۆکییەکان، چونکە بژێوەندی عێراق دەبێت لە سەروو هەموو شتێکەوە بێت".

لەڕاگەیندراوەکدا جەختی کردۆوە کە "جەوهەری سیستەمی فیدراڵی لەسەر بنەمای یەکگرتوویی و هاوکاری نێوان هەموو دەسەڵاتەکان و پێکهاتەکانە، ئەمەش داوا لە هەمووان دەکات کە خاوەن ڕەحیەتی بەرپرسیارێتی بن و کار بکەن بۆ بەهێزکردنی لێکتێگەیشتن و یەکێیزی نیشتمانی و دووركەوتنەوە لە پەرەسەندن و ناکۆکییەکان"، لە کۆتایدا هیوای خواست "گەلەکەمان لە هەر ناخێشییەک پارێزراو بێت و هەوومان سەرکەوتوو بین بۆ ژیان لەناو ئاشتی، گەشەپەدان و یەکێیزیەکی نیشتمانی پتەودا".